**پوختە :**

لەو خشتانەدا ژمارەو قەبارەی ئەو وێران کاری و کاول کردنەی حکومەتی عیراقی بەسەر ئەم ناوچەیەدا هێناوە دەردەکەوێت کە بەشێکە لەو وێرانییەی بەسەر کوردستاندا هێناوە وەئێمە تەنها ئەو ژمارانەمان خستوەتە روو کەبەسەر ئەم ناوچەیەی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی شەرعی هەرێمدا هێناوە لەپارێزگای سلێمانی و ئەو بەشەی رزگار کراوی پارێزگای کەرکوک و ناوچەی قەزای کۆیە و بەڵام بەداخەوە ژمارەی هەردوو ناحیەی قورەتوو و مەیدانمان لانیە لەبەرئەوەی پێش سەرژمێری ساڵی ١٩٧٧ ئەو دووناحیەیەی وێران کردبوو.

وە لەو خشتانەدا ئەم ژمارانەمان بۆ دەردەکەوێت :

١. مەڵبەندی (٥) قەزاو (٢٦) ناحیەو (٢٢٤٥) گوندی وێران کردوە .
٢. (٥٧) گەڕەک لەناحیە و قەزاکان و (١٨١١) مقاطعە ی لەگەڵ زەویدا تەخت کرد .
٣. (١٠١٠٧٧) خانووی نیشتەجێ بوون لەگەڵ (١٣٥٤٨) بینای فەرمانگەو بینای خزمەت گوزاری و دوکان و شوێنی پیشەسازی و دامەزراوەی وێران کردوە وە کۆیان ئەکاتە (١١٤٦٢٥) بینایە .
٤. بەوشێوەیە (١٤٠٣٠٥) خێزان کە ژمارەیان ئەکاتە (٨٤١٨٢٩) کەس ئاوارەو دەربەدەرو ئەنفال و بێ لانەی کردن .
٥. (٦٨٢) خوێندنگای وێران کردوە.
٦. (١٦٥) دامەزراوەی تەندروستی وێران کردوە.
٧. (٢٩) پرۆژەی کارەباو شەبەکەی داخلی قەزاو ناحیەکان وێران کردبە وێزگەو محاوەلەو تەل و عامودەوە. -١٠ پرۆژەکانی ئاو و ئاوەڕۆ و شەبەکەی داخلی
٨. بەهەمان شێوە (١٣٥) پرۆژەی کارەبای گوندەکانی وێران کرد .
٩. خەتی تەلەفون و شەبەکەی داخلی و بەدالەی (٣١) ناحیەو قەزای وێران کردوە.
١٠. (٩) اسالەی ئاوو (٤٨) بەلوعەی گشتی و (٤٧) بیری ئیرتوازی و (٤٤) جۆری تر و (١٩٠٩) سەرچاوەی کانیاو و جۆگەی وێران کرد .
١١. هەرچی رێگاو بانوو پردی نێوان ئەو شوێنانەی تووشی زیان و وێران کاری کرد.
١٢. (١٠٠٨٢) خاوەن پیشەسازی ناوماڵەی لەکارکردوە لەو ناوچانەدا .
١٣. (٦٥٥٦٧) جوتیارو خاوەن ئەرزو و ناوی لەکێڵگەو زەوی و زاری کشتوکاڵی دورخستەوەو بێ کاریانی کرد.
١٤. هەرچی خاوەن پیشەو بازرگانی بوون لەو ناوچانەدا کەوێران و راگویزیان کرد هەر هەموو لەکاروباری خۆیان کەوتن و بێ کاربوون و بێ بەرهەم .
١٥. لە ( المجموعة الاحصائية السنوية للجهاز المركزي للاحصاء. وزارة التخطيط العراقية لسنة ١٩٨٦) دا هاتووە کەوا (١١٥٥٧٠٠٠) داری بەری و دارستان تەنها لە پارێزگای سلێمانیدا لەساڵی ١٩٧٨ دا تۆمارکراوەو هەبوە . کەچی لە هەمان سەرچاوەی ساڵی ١٩٩٠ دا هاتوە کەوا لەپارێزگای سلێمانیدا (٥٩٧٠٠٠) دارهەیە کەواتە (١٠٩٦٠٠٠٠) دارو درەختیشی سوتاندو وێرانی کرد. جگە لەو دارانەی زیادیان کردوە لە (١٠) ساڵی دوای ١٩٧٨ .

٧





١٦. هەروەها بۆ ژمارەی ئاژەڵ لەکوردستاندا بەملیونهای تەفرو تونا کرد .
١٧. ملیونها دونم زەوی و زاری بەپیت و بەرەکەتی کشتوکاڵی بۆ ماوەی (٥) ساڵ لە کێڵاندن و بەرو بوومی کشتوکاڵی کرد و کێڵگەکانی وێران کردو وڵاتەکەمانی لەخەڵکانی بەرهەم هێنەرەوە هاوردە سەر خەڵکانێکی تەنها بخۆرو گوزرێکی قورسی لەئابوریمان داو بەتایبەتی ئابووری کشتوکاڵی کە بۆ نمونە سەیر ئەکەین لەوەرزی کشتوکاڵی ساڵی ١٩٩٧-١٩٩٨ دا ( وەکو نمونەیەک ) چەند پەنتایی چێنراو چەند تەن لەم بەرو بوومانەی خوارەوە هاتوەتە دی تەنها لەپارێزگای سلێمانی و ناوچەی رزگارکراویی پارێزگای کەرکوک :

| گەنم | | | جۆ | | | نۆک | | | نیسک | | | سەوزەی زستانە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| پەنتایی چێنراو ( دونم ) | غلەی دونم ( کغم ) | بەرهەم ( تەن ) | پەنتایی چێنراو ( دونم ) | غلەی دونم ( کغم ) | بەرهەم ( تەن ) | پەنتایی چێنراو (دونم) | غلەی دونم ( کغم ) | بەرهەم ( تەن ) | پەنتایی چێنراو ( دونم ) | غلەی دونم ( کغم ) | بەرهەم ( تەن ) | پەنتایی چێنراو ( دونم ) |
| ٥٣١٧٢٧ | ٢٤٩ | ١٣٢٥٦٧ | ٢٤٧٥٤٥ | ٢٠٠ | ٤٩٥٨٣ | ١٧٩٥٩٩ | ١٠٧ | ١٩٣٠٤ | ٩٨٧١ | ١٤٦ | ١٤٤٣ | ٢٠٠١٩ |

هەربۆ نمونە ی پش لەساڵی ١٩٩٧ دا لەو ناوچەیەدا (٨٢٩٥٥) دونم بەبەروبوومە هاوینیەکان چێنراوە وەکو : برنج ، گوڵە بەڕۆژە ، کونجی ، ماش ، پەمو، گەنمە شامی ، توتن ، پیاز ، فستقی کێڵگەی ، تەماتە ، بامیە ، باینجان ، خەیار ، لوبیا ، فاصولیا ، کولەکە ، شوتی ، کاڵەک ... تادوای . ئەگەر ئەمانە هەموو ئەژمار بکرێت چەند زەرەری گەیاندوە بە ئابوری وڵاتمان لەو چەند ساڵەدا .

١٨. سەرباری ئەمانەیش ئەنفال کردن و اعدام کردن و گرتن و کیمیاوی باران و کوشتن و برین و تەفرو توناکردن و لەخوێندن و زانست دواکەوتن بلاوەبونی جۆرەها نەخۆشی کوشندەو بەدخۆراکی و نەبوونی.

**بەڕێوەبەری ئاماری سلێمانی**

# پێڕست


| باسەکان | لاپەڕە |
|---|---|
| وتەیەك | ٣-٥ |
| **بابەتی یەکەم:** | |
| پۆلێنکردنی تاوانەکانی ئەنفال بەگوێرەی جۆرەکانی جینۆساید | ٦-٣٦ |
| **بابەتی دووەم:** | |
| عیراق لەپێشێلکردنی بنەما ئیمپرەتیڤەکانی یاسای نێودەوڵەتانەوە بۆ جینۆساید | ٣٧-٥٠ |
| **بابەتی سێیەم:** | |
| پێکهاتنی یاسای نێودەوڵەتان و پێوەندی بەیاسای ناوخۆی دەوڵەتەوە | ٥١-٨٥ |
| پاشبەندی بەڵگەنامەکان( حەوت بەڵگەنامە) | ٨٧-١٠٧ |
| ئامارێك لەبەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانییەوە | ١٠٨-١١٥ |




بارودۆخی کورد لەچەند بابەتێکی یاسای نێودەوڵەتاندا

**لە چاپکراوەکانی بەڕێوەبەرێتی گشتی چاپ و بڵاو کردنەوە لە وەزارەتی رۆشنبیریی.**

**سلێمانی - ٢٠٠٥**